# چەند لایەنێکی لادان
# وەك تایبەتمەندی شیعری قوبادی جەلیزادە

نەژاد تیفور عەولا

خوێندکاری ماستە ر
بەشی زمانی کوردی/ فاکەلتیی پەروەردە
زانکوی کویە
Nazhad.Tayfwr@koyauniversity.org

پ. ی. د. دەریا جەمال حەویز

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەشی زمانی کوردی/ فاکەلتیی پەروەردە
زانکوی کویە
Darya.jamal@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە، لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دەدەین باس لە دیاردەیەکی زمانی بکەین، کە تێیدا ئاماژە بە لادان و جۆرەکانی لادان بە نموونەی شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دەکات.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمان داوە پێوەندیی نێوان ڕەوانبێژی و لادان لە دەقی شیعریدا بخەینە ڕوو، هەروەها دیاردەی لادان لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا بۆ ئەوەی بزانین شاعیر بە چ مەبەستێکی ڕەوانبێژی دیاردەی لادانی بەکار هێناوە دەخەینە ڕوو.

لێکۆڵینەوەکە لە دەروازەیەک و سێ بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم: بریتییە لە (لادانی واتایی)، لەم بەشەدا پێناسەی لادان و مەرج و جۆرەکانی کراوە.

لە بەشی دووهەمدا: باسی (پاش و پێشخستن) کراوە، هەروەها مەرج و جۆرەکانی خراوەتە ڕوو.

لە بەشی سێهەمدا: باسی (کرتاندن) کراوە، هەندێک نموونەی کرتاندن و جۆرەکانی، لە دەقە شیعرییەکانی قوبادی جەلیزادەدا باس کراوە، بۆ هەموو بڕگەکان نموونە لە شیعرەکانی وەرگیراوە.

لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەماندا پێی گەیشتووین لە چەند خاڵێکدا خستوومانەتە ڕوو، پاشان لیستی سەرچاوەی بەکارهاتوو تۆمار کراوە.

کلیلە وشەکان: لادان، لادانی واتایی، پاش و پێشخستن، کرتاندن.

پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشـــانی توێژینەوەکـــە بریتییـــە لـــە (چەنـــد لایەنێکـــی لادان وەک تایبەتمەندیـــی زمـــانی شـــیعریی قوبـــادی جەلیـــزادە)، کـــە بریتییـــە لـــە توێژینەوەیەکـــی هەڵهێنجـــراو لـــە نامەیەکـــی ماســـتەر، تێیـــدا هەوڵـــمان داوە چەنـــد خاڵێکـــی تایبـــەت بـــە زمـــانی شـــیعری لـــە شـــیعری ئـــەم شـــاعیرە نـــاودارەی کـــورددا بخەینـــە ڕوو.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

دیـــارە قوبـــادی جەلیـــزادە یەکێکـــە لـــە شـــاعیرە هاوچەرخـەکان و خاوەنـی تایبەتمەندیـی خۆیەتـی لـە زمانـی شـیعر و نووسـینی شـیعردا، یەکێکـە لـە دەنگـە دیارەکانـی جیهانـی شـیعری سـەردەم و تـا ڕادەیەکـی بـاش لـە ئاسـتێکی بـاڵادا شـیعرەکانی دێنـە بەرچـاو و زیهـن، جگـە لـەوەی تـا ئێسـتەش هیـچ توێژینەوەیەکـی ئەکادیمـی بـەو ناونیشـانە نەنـووسراوە، لـە بـەر ئـەم هۆکارانـە بـە باشـمان زانـی توێژینەوەکەمـان لەسـەر ئـەو بابەتـە بێـت.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لـەو توێژینەوەیـەدا میتـۆدی وەسـفیی شـیکاری گیراوەتـە بـەر، لـە بـەشی یەکەمـدا بـە پشـت بەسـتن بـە میتـۆدی وەسـفی لایـەنی تیـۆری توێژینەوەکـە خراوەتـە ڕوو، لـە بـەشی دووەمیشـدا بـە شـێوەی شـیکاریی بنەڕەتەکانـی زمانـی شـیعر و شـیعرییەت لـە شـیعری ئـەم شـاعیرە دەستنیشـان کـراوە.

گرفتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە:

گومانـی تێـدا نییـە هیـچ توێژینەوەیـەک لـە گیروگرفـت بـەدەر نییـە، چونکـە خسـتنەڕووی ئەنجامەکانـی لێکۆڵینـەوە و تۆمارکردنیـان وەکـوو شـتێکی زانسـتی بەرپرسـیارییەتییەکی گـەورە و گرنگـە، بۆیـە دەبێـت کـۆی بۆچـوون و ئەنجامـەکان بـە بەڵگـەی ڕاسـت و دروسـتی زانسـتی پشتڕاسـت بکرێنـەوە، ئـەوەش پێویسـتی بـە سـەرچاوەی باوەڕپێکـراو هەیـە، هـەر لەبـەر ئەوەیـە ئێمـەش لـە توێژینەوەکەمانـدا بێبـەش نەبوویـن لـە گیروگرفـت، زەقترینـی گرفتەکانیـش کەمـی سـەرچاوەی کوردییـە لـەو بابەتـەدا، هەروەهـا نەبوونـی فەرهەنگێکـی تێـر و تەسـەل و دەوڵەمەنـد بـۆ لێکدانـەوە و ڕاڤەکردنـی چەمـک و زاراوەکان.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمـــان بریتییـــە لـــە پێشـــەکییەک و ســـێ بەشـــی ســـەرەکی و ئەنجامـــەکان، دواتـــر لیســـتی تـــەواوی ســـەرچاوەکانمان دانـــاوە کـــە لـــەم توێژینەوەیـــە بـــە کارمـــان هێنـــاون.

دەروازە

لادان وەک چەمک و زاراوە

زمانـــی شـــیعری بـــە چەنـــدان تایبەتمەنـــدی لـــە زمانـــی ئاســـایی جیـــا دەکرێتـــەوە، چونکـــە زمانـــی شـــیعریی وەکـــوو یاســـای ماتماتیکـــی نییـــە، یاســـاکانی نەگـــۆڕ بـــن، یـــان بتوانرێـــت ســـنوورێکی بـــۆ دابنرێـــت، بەڵکـــوو هەمیشـــە لـــە گـــۆڕان و ناجێگیریدایـــە. یەکێـــک لـــە تایبەتمەندییەکانـــی زمانـــی شـــیعرییش بریتییـــە لـــە (لادان)، ((شـــێوازگەری زۆرجـــار بـــە لادان پێناســـە دەکرێـــت و بـــە جۆرێـــک لـــە لادان دادەنێـــن)) (ئەحمـــەد، ٢٠١٤ : ١٥٢).

کەواتـــە لادان یەکێکـــە لـــە بنەمـــا ســـەرەکییەکانی شـــێواز، هـــەر لەبەرئەوەشـــە کـــە شـــێوازگەرەکان گرنگـــی تایبەتییـــان پێـــداوە، ڕســـتەیەکی بەربـــڵاوی (ڤالیـــری) هەیـــە کـــە دەڵـــێ: ((خـــودی شـــێواز بریتییـــە لـــە لادان لـــە زمانـــی ئاســـایی)) (شمســـیا، ١٣٧٥هــ : ٢٩). لادان لـە زمانـــی ئاســـایی وەنەبـــێ هـــەر لـــە شـــیعردا هەبێـــت، بەڵکـــوو لـــە زمانـــی ئەدەبیـــدا بـــە گشـــتی دیاردەکەوێـــت، نـــەک هـــەر ئـــەوە، بەڵکـــوو لـــە کتێبـــە ئایینیەکانیشـــدا بوونـــی هەیـــە، کـــە ئـــەوەش نـــەک لـــە ڕوونبێـــژی و ڕەوانبێـــژی دەقەکـــە کـــەم ناکاتـــەوە، بگـــرە بەڵگەیـــە لەســـەر بەهێـــزی و تۆکمەیـــی و جوانـــی ئەوپـــەڕی ڕەوانبێـــژی دەقەکـــە، ((زانـا موسـڵمانەکان لـە بۆنـەی ڕەوانبێژیـدا هەوڵیان داوە بیسـەلمێنن ئـەم لادانـە لـە فۆڕمـی زمانـی عەرەبـی لـە قورئانـدا نـەک هەڵـە نییـە، بەڵکـوو ئەوپـەڕی ڕەوانـی و ڕوونییـــە)) (چالـــی، ٢٠٠٨: ٢٥- ٢٦).

زمانـــی ئەدەبـــی لەگـــەڵ زمانـــی ئاســـایی بەهـــۆی تایبەتمەندییەکانییـــەوە جیادەکرێتـــەوە ((دەربڕینیـــش لـــەو زمانـــەدا چالاکـــی زیاتـــرە لـــەو دەربڕینـــەی کـــە لـــە زمانـی ئاسـاییدا هەیـە، چونکـە جگـە لـە دەربڕینـی واتـا بنچینەییەکـەی خـۆی، ئامـاژە بـە لایەنـی نەبینراویـش دەکات،

هەروەهـا لایەنـی هەڵچـوون و خەیـاڵ کردنیـش دەگرێتـەوە، کەچـی دەربڕیـن لـە زمانـی ئاسـاییدا تەنیـا ئامـاژە بـەو واقیعـە دەکات کـە ڕاسـتەوخۆ لەبـەر چاومانـە)) (عەلـی، ٢٠٠٩: ٢٧). زمانـی ئەدەبـی کاتێـک نـاوی نـوێ لـە شـتەکان دەنێـت کـە یاسـاکانی زمانەوانـی تێـک دەشـکێنێت و شـێوە فەرهەنگییەکـەی دەگۆڕێـت. بەمـەش لـە زمانـی بـاو دەردەچێـت و مانـای تایبـەت بـە خـۆی بـە وشـەکان دەدات و شـێوازی بەکارهێنانـی سـەربەخۆی هەیـە. بۆیـە شـاعیر زمـان بـەو جـۆرە بەکارناهێنـێ کـە بـە شـێوە ئاساییەکەی بەکاردەبرێـت، بەڵکـوو شـاعیر بـە ئەنقەسـت و بـە مەبەسـت لـە شـێوازە باوەکـەی لا دەدات و بـە جۆرێـک بەکاریدەهێنێـت کـە تایبەتـە بـە زمانـی شـیعر، واتـە لـە مانـا فەرهەنگییەکـەی دەیگوازێتـەوە بـۆ بـواری تایبـەت بـە شـیعر، ئـەوەش لـە پێنـاو ئەوەدایـە کـە شـاعیر بتوانێـت بەهایەکـی زمانەوانـی و ئێسـتەتیکی بـە دەقەکـە بـدات و توانـای داهێنانـی خـۆی تێـدا نمایـش بـکات. لادان وەکـوو دیاردەیەکـی شـیعریی و ئەدەبـی شـتێکی تـازە و نـوێ نییـە، بەڵکـوو هـەر لـە کۆنـەوە ئـەو دیاردەیـە پەیـڕەو کـراوە لـە لایـەن ئەدیبـان و شـاعیرانەوە، وە چەنـدان شـێوازی جیـاوازی بەخـۆوە بینیـوە.

هەروەهـا لادان ((چەنـدان ڕێچکـەی خـۆی گرتـووە، وەک لادان لـە بوارەکانـی ئاییـن و سیاسـەت و دابونەریت...هتـد.)) (مـەلا، ٢٠٢١: ١٠٨). وەک باسـمان کـرد لادان لـە بـاو هـەر لـە نـاو شـیعردا خـۆی نابینێتـەوە، ئەوەتـا لـە قورئانـی پیرۆزیشـدا ئـەو لادانـە هەیـە، خـوای گـەورە لـە قورئانـی پیـرۆزدا دەفەرموویـت: ((فأذاقها اللـه لبـاس الجـوع والخـوف بمـا کانـوا یصنعـون)) (النحـل: ١١٢)، ((لەبەرئـەوەی برسـێتییەکە لـە جەسـتەیاندا دەرکـەوت و تێکەڵـی نـاخ و جەسـتەیان بـوو، بۆیـە خـوای گـەورە بـە پۆشـاک - لیبـاس- نـاوی هێنـاوە)) (الطبري: ٢٠٠٠، ج ١٧ : ٣١١) وشـەی (أذاق) بـە مانـای چەشـتنە و لـە پۆشـین هاتـووە، ((بۆیـە بـە پۆشـاکی چوانـدووە، چونکـە هـەر وەکـوو پۆشـاک هەمـوو جەسـتە دادەپۆشـێت تـرس و برسـێتیش بـە هەمـان شـێوەیە)) (الزمخـشری: ١٤٠٧ ک، ج ٢ : ٦٣٩). بـەو لادانـەش مانایەکـی جـوان و کاریگـەر و پڕاوپـڕی مەبەسـتی داوە بـە دەسـتەوە، لـە زمانـی ئاسـایی عەرەبیـدا ئـەو جـۆرە دەربڕینـە بـەدی ناکرێـت.

شـاعیر بـە جۆرێکـی جیـاواز لـە خەڵکـی دیکـە مامەڵـە لەگـەڵ زمانـدا دەکات، چونکـە زمـان لـە ئەدەبـدا و تایبەتـتر لـە شـیعردا گۆڕانـی بەسـەردا دێـت و زۆرجـار دەبێتـە ڕەمـز، بۆیـە شـاعیر لـە شـیعردا سەربەسـتە لـە چۆنییەتـی بەکارهێنـان و جێگۆڕکێـی وشـە و ڕسـتەکان، هەتـا ئەگـەر پێچەوانـەی باویـش بێـت، چونکـە (لادان لـە بـاو) وەکـوو گوتمـان لـە تایبەتمەنـدی زمانـی ئـەدەب و شـیعرە.

لادان لـە زمانـی ئاسـایی بـۆ کەسـی ئەدیـب و شـاعیر گرنگـە و ((بریتییـە لـە بەکارهێنانـی داهێنـەر بـۆ زمـان، وشـە و دەربڕیـن و وێنەکانـی، بـە بەکارهێنانێـک دەربیبێنـێ بـەوەی بـاوە و ئاشـنایەتی لەگەڵیـدا هەیـە، بـە شـێوەیەکی وەهـا ئـەو لادانـە ببێتـە هـۆی بەرهەمهێنانـی زمانێـک بـەوە وەسـف بکرێـت تایبەتـە و داهێنانـە و هێـزی ڕاکێشـان و کارتێکردنـی هەیـە، واتـە بـۆ بەرهەمهێنانـی شـێوازی داهێنـەر، شـاعیر یـان نووسـەر دووردەکەوێتـەوە لـەوەی پێـوەرە بڕیاردەرەکانـی نێـو سیسـتمی زمـان دەیخـوازن)) (عەبدوڵـڵا، ٢٠١٢: ٦٧).

کەواتــە ئەگــەر زمــان لای خەڵکــی ئاســایی تەنیــا ئاڵوگـۆڕی دەربڕیـن بێـت و هـۆکاری لـە یـەک تێگەیشـتن بێـت، ئـەوا بێگومـان لای کەسـی شـاعیر جگـە لـە هەمـوو ئەوانـە کاری دیکەشـی هەیـە و دەربڕینـی دیکەشـی پـێ دەکرێـت، بـە جۆرێـک کـە تایبەتمەندییەکـەی زۆر جیـاوازە لـە تایبەتمەندییەکانـی زمانـی ئاسـایی و ئاخاوتنـی خەڵکـی ئاسـایی، چونکـە بێگومـان زمـان لـە لای شـاعیر ئامانجیشـە، لەبەرئـەوەی وەکـوو ڕۆح وایـە بـۆ ئـەدەب. ئاشـکرایە کـە شـیعریش لـە شـتە هـەرە گرنگەکانـی ئەدەبـە، بۆیـە زمـان لای شـاعیر گرنگـی تایبەتـی هەیـە، چونکـە داهێنەریـی و چالاکـی و لێزانـی شـاعیر بەشـێکی هـەرە زۆری لـە چۆنییەتـی بەکارهێنانـی زمانـی ئەدەبیـدا دەردەکەوێـت. ((زمـان لای خەڵکـی ئاسـایی زمانـی گشـتی ڕۆژانەیـە، بـە جۆرێـک لـە سـەرەتای بوونـەوە هـۆکار و هـاوکاری لەیـەک گەیشـتنیان بـووە، بـەڵام لـە شـیعردا شـێواز و سروشـتێکی دیکـە وەردەگرێـت)) (العـوادی، ١٩٨٥ : ٩).

لادان یـان بابەتـی لادان لـە شـیعردا، شـتێکی نـوێ نییـە، واتـە هـەر لـە کۆنـەوە هەبـووە، بـەڵام ((لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی بیسـتەوە زۆرجـار بـاس لـە دیـاردەی لادان دەکرێـت،

بـە تایبـەت لـە لایـەن لێکۆڵـەرە شـێوازگەر و زمانەوانەکانـەوە)) (ئەحمـەد، ٢٠١٣: ٢٥).

چەنـد زاراوەیەکـی دیکـەش بەرامبـەر لادان بەکارهاتـوون، لەوانـە: ((خـزان، خلیسـکان، تـرازان، وەرچەرخـان، تێکشـکان، وەرگـەڕان، گـۆڕان، زەقکردنـەوە)) (ئەحمـەد، ٢٠١٣: ٥٨، ٥٩).

لێرەدا دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـەوا ((لادان ڕەنگێکـە لـە ڕەنگەکانـی گوتـەی شـیعری و دیاردەیەکـی سـەرەکی زمانـی شـیعرە، جیـا لـە گوتـەی زمانـی ئاسـایی))(عەلی، ٢٠٠٤ : ٩٤).

کەواتـە لادان بـە مانـای تێکشـکاندنی یاسـا و ڕێسـای ڕێزمانـی و واتاسـازی دێـت. کەسـی شـاعیر دێـت بـەو لادان و تێکشـکاندنە ڕێزمـان و یاسـا و ڕێسـایانە مانایەکـی نـوێ و تـازە دەدات بـە وشـە و ڕسـتە، ئـەوەش زیاتـر لـە پێنـاو ئـەوە دایـە کـەوا سـەرنجی خوێنـەر بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێ و بتوانێـت کاریگەرییـەک دروسـت بـکات کـە خـۆی دەیەوێـت.

هەرچەنـدە لادان تەنیـا تایبـەت نییـە بـە شـیعر، لـە شیعریشـدا تەنیـا تایبـەت نییـە بـە شـیعری نوێـوە، بەڵکـوو لـە نێـوان شـاعیرانی کـۆن و هاوچەرخـدا دیاردەیەکـی هاوبەشـە و هەمـووان هەریەکـەو بـە جۆرێـک و بـە شـێوازێکی تایبـەت بـە خـۆی و جیـاواز بەکاریانهێنـاوە، تەنیا ئەوەنـدە هەیـە ((لە شـیعری نوێـدا بۆتـە دیاردەیەکـی ئاشـکرا و سـەرنجڕاکێش، کـە وامـان لێـدەکات لێـی ورد ببینـەوە)) (سـەعید، ٢٠١٣: ٢٥).

زمانـی شـیعر زیاتـر بـەو لادانـە جوانـتر و سەرنجڕاکێشـتر دەبێـت و لـە زمانەکانـی دیکـە جیـای دەکاتـەوە، چونکـە ((زمـان دابـەش دەبێتـە سـەر سـێ بەشـی لـە یـەک جیـا: یەکیـان: زمانـی میعیـاری سروشـتی.... ئـەوی دیکـەش: زمانـی ئاسایی، وەکـوو خەڵـک قسـەی پـێ دەکات، ئـەوی سـێیەمیش: زمانـی تایبەتـی نووسـین، کـە زمانێکـی پـڕ لـە داهێنانـە و جیـاوازە لـە هـەردوو زمانـە میعیـاری و ئاسـاییەکەش)) (عەبدوڵـڵا، ٢٠١١: ٦٣).

مەرجەکانی لادان

بۆئـەوەی لادان هەڕەمەکـی و بـێ هـۆ نەبێـت و لـە چوارچێـوەی ئەدەبـی دەرنەچێـت، شـارەزایان دوو مەرجـی سـەرەکییان بـۆ لادان دانـاوە، ((... پێیـان وایـە بـە دەر لـە ڕەچاوکردنـی ئـەم دوو مەرجانـە لادان سـوود ناگەیەنـێ، ئەوانیـش بریتیـن لـە :

١- لادانەکـە بـە شـێوازێک بێـت لـە چوارچێـوەی ڕێگەپێـدراوی ڕێزمانـدا ئەنجـام بدرێـت.

٢- دەبـێ لادانەکـە سـوود بگەینێـت، چونکـە لادان لـە خـودی خۆیـدا ئامانـج نییـە، بەڵکـوو ئامانـج لـە لادان دروسـتکردنی کاریگەرییـە لەسـەر خوێنـەر)) (عەبدوڵـڵا، ٢٠١١: ٦٣- ٦٤).

لادان بـە ئامانجـی بـە دەسـتەوەدانی واتایەکـی دیکەیـە جگـە لـە واتـای بـاو و سـواو، بۆیـە خـودی لادانەکـە هۆکارێکـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجێکـی دیکـە، کـە واتایـە نـەک خـودی ئامانـج بێـت، چونکـە وەکـوو دەڵێـن: ((واتـا بەرزتریـن ڕۆڵـی هەیـە لـە خوڵقاندنـی زمانـی شـیعر)) (کانەبـی، ٢٠٠٨: ١١٧).

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا سـێ خاڵـی لادان بـاس دەکەیـن، لـە خاڵـی یەکـەم باسـی لادانـی واتایـی دەکەیـن، لـە خاڵـی دووهـەم باسـی پـاش و پێشخسـتن و لـە خاڵـی سـێهەم باسـی کرتانـدن دەکەیـن، هەمـوو ئەوانـەش کـە بـاس دەکەیـن مەبەسـتمانە کـەوا لـە دەقـە شـیعرییەکانی قوبـادی جەلیـزادەدا بۆیـان بگەڕێیـن - بیانخەینـەڕوو، چونکـە قوبـادی جەلیـزادە وەکـوو سـەرجەم شـاعیرانی دیکـە لـە دەقـە شـیعرییەکانیدا ئـەم جـۆرە لادانانـە و زیاتریـشی بەکارهێنـاوە، ئێمـە سـێ جـۆری لادانمـان دیاریکـردووە، چونکـە لـە بابەتـە گرینگەکانـی لادانانـن لـە دەقـی شـیعریدا، یـان بـا بڵێیـن لـە باوتریـن لادانەکانـن لـە لای شـاعیرانی کـۆن و نـوێ.

یەکەم: لادانی واتایی:

واتـا یەکێکـە لـە بنەمـا هـەرە گرنگەکانـی پێکهاتـەی دەقـی شـیعری، بـە جۆرێـک کـەم شـیعر هەیـە کـە ئـەو بنەمـا گرنگـەی تێـدا بەکارنەهێنرابێـت، چونکـە واتـا ئـەو پێکهاتەیـە کـە دەقـە شـیعرییەکە بەهۆیـەوە بـاڵا دەکات و دەبێتـە جێـی تێڕامـان و ڕاکێشـانی سـەرنجی خوێنـەر و کاریگەرییەکـی زۆر بـە سـەر هـزری مرۆڤـەوە بەجێدەهێڵێـت و دەبێتـە هـۆی کارتێکردنـی. بێگومـان ڕێکخسـتنی وشـە و ڕسـتە و دانەپـاڵ یەکـتری ئامـراز و کەرەسـتەکانی دیکـەی زمـان، تەنیـا لـە پێنـاو بەدیهێنانـی مانـا و واتـا دایـە، کـە بـە جۆرێکـی داهێنەرانـە شـاعیر جـۆری وشـە و چۆنییەتـی ڕێکخسـتن و دانەپاڵـی یەکـی وشـەکان هەڵدەبژێرێـت، بۆئـەوەی داهێنەریـی و زیرەکـی و

چالاکی خۆی لە بواری شیعریدا بسەلمێنێت.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە ((هیچ زمانێک بوونی نییە بەبێ بوونی واتا)) (عەلی، ٢٠١١: ٧). شاعیر لە پێناو ئەوەدا کە ئێستەتیکا بە سەرەکیترین دەزانێت لە گەیاندنی مەبەستیدا، بۆیە بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش، لادان لە بنەما کەرەستە زمانییەکان ئەنجام دەدات، بەو هۆیەشەوە شیعر زیاتر لە هەموو کایەکانی دیکە جیا دەبێتەوە.

کەواتە شاعیر بە بێ هۆ ئەم لادانە ئەنجام نادات، بەڵکوو مەبەست و بەهانەی سەربەخۆی خۆی هەیە، ئەگەر نا ((سەرپێچیکردنەکانی شاعیر ئەگەر بە بەهانەی ئیستاتیکایەکە نەبێت ئەوا دانیان پێدا نانرێت)) (تودوروف، ١٩٩٦: ٢٤).

شیعر بۆ خۆی دنیایەکی تایبەتی سەربەخۆی هەیە، کە کەش و هەوایەکی تایبەت بە خۆی تێدا دروست دەکرێت، ئەو جیهانە تایبەتەش ((لەسەر بناغەی لادانی واتایی دروست دەبێت، بۆیە زمانی شیعر کێڵگەیەکی بە پیتی ئەم جۆرە لادانەیە)) (دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٥).

لەو ڕێگایە شاعیر دەبێ ڕێگایەکی تازە بگرێتەبەر بۆ دەربڕین، هەروەها دەلالەتی تازە و نوێ بدات بە وشەکان، واتە نابێ هەر دەلالەتە کۆن و ساواوەکان بخاتەوە بەرچاوی خوێنەر و بیداتەوە بەر گوێی بیسەر، بەڵکوو پێویستە مانای تازە بۆ وشەکان بدۆزێتەوە، بە جۆرێک کە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان و ڕامان بکات و بەرە و دنیایەکی دیکەی ببات کاتێک کە دەیانخوێنێتەوە یان دەیانبیستێت. ((دیارە هەستکردن بە نادروستی واتا چ لە ئاستی هاونیشینی وشەکان دا بێت یان لە ئاستی جێنیشین بوونیاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گواستنەوەی وشەوە هەیە، لە فەرهەنگی زمانەوە بۆ ناو فەرهەنگی شیعری و دروستکردنی پەیوەندی نوێ لە نێوان وشەکانی زماندا و لە سنوور و چوارچێوەی دەقێکدا، هەر بۆیە زانایەکی زمانی وەک (باڵمەر) دەڵێ: وشە یەکەیەکی سەرەکییە لە زانستی واتادا و واتاکەی لە ئاکامی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ وشەکانی دەوروبەریدا لە دەقێکدا دیاری دەکرێت)) (تۆفیق، ٢٠٠٨: ١٧٠).

## بەشی یەکەم

### لادانە واتاییەکان لە شیعری قوبادی جەلیزادەدا:

قوبادی جەلیزادە هەر لە سەرەتاوە وەک شاعیرێک کەسایەتییەکی یاخی و بزێوی هەبووە و هەمیشە دەستی بۆ ئەو شتانە بردووە کە لە لای ئەوانی دیکە قەدەغە بووە، پابەندی ئەو یاسا و ڕێسایانە نەبووە کە سنوور و چوارچێوەی بۆ دەربڕین و نووسین داناوە، بۆیە ئارەزووی گۆڕانکاری هەبووە لە شتە باوەکاندا و بە شوێن ئەوەدا گەڕاوە کە داهێنان بکات و پێچەوانەی کۆت و بەندەکان بجوڵێتەوە و سنوورەکان بشکێنێت. ئەو وە نەبێ تەنیا لە بەکارهێنانی وشە و چەمکدا جیاواز بووبێت و داهێنانی کردبێت، بەڵکوو لایەنی واتایشی نەک فەرامۆش نەکردووە، بەڵکوو هەموو گۆڕانکاری و دژە باوییەکانی لە پێناو بەدیهێنان و بەرزکردنەوەی واتادا بەکارهێناوە.

قوباد بەو لادانانە و بەو شەن و کەو کردنەی بە پێچەوانەی باو ویستوویەتی دەقگەلێک بەرهەم بهێنێت کە پێش ئەو کەسی دیکە جورئەتی ئەو بەدیهێنانەی نەبووبێت. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە چەقبەستوویی دەق و دەربڕین بێزارە و دێت هەمان ئەو وشانەی کە لە زمانی ئاساییدا بەکاردێن بە مانا و واتا و مەبەستی جیاواز بەکاریاندەهێنێت. ((لە شیعردا نرخ و بەهای وشەکان قورسترە وەک لە بەهای هەمان وشە کە لە زمانی ڕۆژانەدا یان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکاندا کە دەیانبینیت، لە شیعردا ماناکانیان ئاڵۆز و چڕە، کە ئەمەش یەکەمین ئیشی شاعیری زیرەک و داهێنەرە)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢٦٠).

قوبادی جەلیزادە توانیویەتی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان وشەکان و گۆڕینی دانانە ئاساییەکان بێنێتە کایەوە، لەو ڕێگایەوە مانا و مەدلولی جیاواز و سەرنجڕاکێشی زیاتری بە وشەکە و جۆری ڕۆنانەکە زیاتر داوە، حەمە سەعید حەسەن دەڵێ: ((لە قاموسی شیعری قوبادی جەلیزادەدا وشەگەلێکی زۆر هەن کە بە زەحمەت دێنە ژماردن، ئەو وشانە پێش وی لە شیعری کوردیدا نەبوون، وەک چۆن ڕووبار خۆی ڕێڕەوی خۆی دەبینێتەوە، ئەویش بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی ڕێڕەوی ڕووباری زمانی

کوردی گۆڕیوە و لەو ڕێگەیەوە هەم زمانێکی تایبەت بەخۆی داهێناوە، کە بەردەوام لە تازە بوونەوە دایە، هەم دنیابینیەکی تازەشی هێناوەتە ئاراوە، کە بەر لەو نە لە شیعری کوردیدا هەبووە، نە لە شیعری شاعیرانی وڵاتانی عەرەبیشدا، ئاخر ئەوە درەشت بینییە ئەگەر پێمان وابێت قوبادی جەلیزادە شوێن پێی نزار قەببانی هەڵگرتووە)) (جەلیزادە، ٢٠٢٠: ٥).

قوبادی جەلیزادە بە تایبەت لەسەر ژن زۆری نووسیوە، لە دەقەکانیشیدا زۆرجار و بگرە بەردەوام بەربەست و سنوورە قەدەغەکانی بڕیوە و گوێی بە لۆمە و تانەی دەروبەری نەداوە. هەر لەبەر ئەو سنوور شکاندنەش لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە و تانە و تەشەری زۆر بۆتەوە، بە جۆرێک خۆی دەڵێ: ((ڕەنگە من لە هەموو شاعیرانی هاوزمان و هاوسەدە زیاتر تووشی شەڕ و تەشقەڵە بووبمەوە، جا چ لە ڕێی تەکفیرکردنەوە بێت، چ لە ڕووی زیندانی کردنی کتێب و دانە دادگا و چ لە ڕێی جنێو و هەڕەشەی شەمشەکوێرانەوە بێت)) (سیوەیلی، ٢٠٢٢: ٣٧ - ٣٨). بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەمیشە شەڕی بووە لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی کە لە بەردەمیدا بوونەتە بەربەست، ویستویەتی خۆیی و شیعرەکانی لە دەست کۆت و بەندی کلتووری کۆمەڵگاکەی ئازاد بکات، خۆیشی ئەوە ناشارێتەوە و دەڵێ: ((ئێمە لە ناو کەڵچەرێکدا دەژین لە ڕادەبەدەر زۆردار، هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە جەستە کە موڵکی تاکە کەسە، بیکات بە موڵکی گشتی و هەموو حەقێکی لە خاوەنەکەی بستێنێتەوە، لە کاتێکدا جەستە یەک خاوەنی هەیە و نابێت بە دووان و نابێت بە موڵکی گشتی، هەر ئەو تاکە کەسە ئازادە و بۆی هەیە چۆنی بیەوێ جەستەی خۆی بەکاربهێنێت)) (سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٤١).

لەو چەند وتەیەی خۆی بۆمان دەردەکەوێت کە قوبادی جەلیزادە چەندە دژەباو دواوە و نەک هەر لە ڕووی وشە و ڕۆنانی وشەوە لادانی کردووە، بەڵکوو لە کلتوور و داب و نەریتیش لایداوە و ئەوەی چەند زەمەنێکە دەستی بۆ نەبراوە، ئەو بوێری کردووە و دەستی بۆ بردووە، بۆیە ((جیا لە شاعیرانی تر، بە شاعیری (ژن) یان بە گەورەکردن و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی ژن ناسراوە، لە ڕوئیای شاعیر و ڕاستر بڵێین: هەڵدانەوەی شتە شاراوەکانی ناخی شاعیرانی کۆن و شتە حەرامکراوەکان ئەو پەردە لەسەر ژن و جستەی ژن هەڵدەماڵێ،... ژن بە وڵاتێکی داگیرکراو دەچوێنی و شاعیر هەوڵی ڕزگارکردنی دەدات)) (کاک ئەمین، ٢٠١٠: ١٨٤- ١٨٥).

لێرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر شاعیرانی دیکە پێویستیان بە لادانی واتایی هەبێت بۆ دەربڕینەکانچان، ئەوا قوبادی جەلیزادە چەند هێندەی ئەوان پێویستی پێیەتی و پەکی لەسەر کەوتووە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو پێویستی بە زمانێکی شیعری سەربەخۆیە کە بتوانێت دەربڕینەکانی لە هەموو ئەوانی دیکە جیا بکاتەوە. ئاخر ئەو هەر خۆی لە خۆیدا جیاوازە و بوێری زۆر شتی کردووە و زۆر لەمپەر و سنووری تێکشکاندووە، بۆیە پێویستی بە زمانێکە و بە دەربڕینێکە کە بتوانێت تەعبیر لەم جیاوازییەی بکات ((قوباد لەم زمانە شیعرییەدا، زمان و تواناکانی کلتوور و سنوورەکانی ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، بە شەڕیان دەدا و ئەمەش زۆرجار بە قازانجی زمانە شیعرییەکەی و هەندێجاریش بۆ ماوەیەکی کاتی بە سەرکەوتنی کلتوورە باوەکە کۆتایی دێت)) (سیوەیلی، ٢٠٢٢: ٥٦).

لادانە واتاییەکان لە لای قوبادی جەلیزادە جۆر و شێوازی جیاوازیان هەیە، لێرەدا باس لە گرنگترین و زۆرترینیان دەکەین، باسی ئەو لادانە واتاییانە دەکەین کە پێمانوایە پانتاییەکی زۆریان لە دەقەکانی قوباد دا داگیرکردووە، کە بریتین لە:

<u>١- زیادە گوتن (هەڵئاوسانی واتایی) (Cumulation):</u>

یەکێک لە لادانە واتاییەکان بریتییە لە (زیادەگوتن) لە دەقدا، بێگومان ئەوەش تەنیا لە پێناو زیادکردنی وشەدا نییە، بەڵکوو شاعیر بە مەبەست ئەوە دەکات و زۆرجار بۆ گرنگیدانە بەو شتەی زیادەگوتنی تێدا کراوە، یان بۆ پاتکردنەوە پەنا بۆ زیادە گوتنەکە دەبات. ئەو دیاردەیەش لە ناو زۆربەی شاعیراندا باوە و کەم تا زۆر شاعیران بەکاریانهێناوە. لەو جۆرە لادانەدا شاعیر وشەی هاوواتا لە دەقەکەدا زیاد بەکاردێنێ و وشەکان لە ماناکە

زیاتــر دەردەکــەون، کەواتــە هەڵئاوســانی واتایــی ((بریتییــە لــەوەی کــە لــە ڕســتەیەکدا واتــای کەرەســتەیەک زیاتــر لــە جارێـک بێـت، ئەویـش لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی هـاو واتاکانـی یـان ئـەو وشـانەی کـە لـە سـیمایەکی واتاییـدا هاوبەشـن)) (قــادر، ٢٠١٤: ١١٨). شــاعیر لــە ڕێــی بەکارهێنانــی چەنــد وشـەیەکی هاومانـا کـە لـە بنچینـەدا بـۆ بـە دەسـتەوەدانی ماناکـە مەبەسـت نیـن، ئـەو دێـت ئـەو لادانـە دەکات.

قوبـادی جەلیـزادەش وەکـوو هـەر شـاعیرێکی دیکـە لـە نێـو شـیعرەکانیدا ئـەو جـۆرەی لـە لادانـی واتایـی بەرچـاو دەکەوێـت، بـۆ نموونـە لـە دەقێکـدا دەڵـێ:

تەنیـا هەمـوو زینـدەوەر و هەمـوو جنۆکـە و هەمـوو هۆشـلەبەرەکان

تەنیـا، هەمـوو ئەوانـەی کـە دەچنـە دۆزەخ، تەنیـا ئەوانـەی کـە دەچنـە بەهەشـت

خەم مەخۆ، زۆۆۆۆۆر نین (جەلیزادە، ٢٠١٥: ١٩)

لـەو شـیعرەدا کـە دەڵـێ (تەنیـا هەمـوو زینـدەوەر) ئـەوە واتـای تـەواو دەدات بـە دەسـتەوە، گومانـی تێـدا نییـە کـە جنۆکـە و هەمـوو هۆشـلەبەرەکان دەگرێتـەوە، بـەڵام بـە هێنانی (هەمـوو جنۆکـە و هەمـوو هۆشـلەبەرەکان)، جۆرێـک لـە زیادەگوتـن دەبینرێـت کـە پێویسـت نەبـوو، بـەڵام شـاعیر کـە ئـەوەی هێنـاوە هـەم مۆسـیقای شـیعری پـێ جـوان کـردووە و هەمیـش وەکـوو جەختکردنەوەیـە لـە مەبەسـت و واتـادا.

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

با پێکەوە

شتێک لە مەڕ خۆکوشتنی ئەو گەنجە سمێڵ ڕەشانە بزانین

(جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٧١)

زانــراوە و ڕوونــە گەنــج کاتێــک گەنجــە کــە ســمێڵ و مــووی ســەر و ڕیشــی ڕەش بێــت، بــەڵام شــاعیر لێــرەدا ئاوەڵنـاوی ڕەشـی داوەتـە پـاڵ سـمێڵ، لـە کاتێکـدا ئەگـەر ئـەو ئاوەڵناوەشـی نەگوتبایـە بـۆ کەسـی گەنـج سـمێڵی هـەر بـەڕەش دێتـە خەیـاڵ و زیهنـەوە، هێنـانی (سـمێڵ ڕەش) لـە پـاڵ وشـەی (گەنـج) جۆرێکـە لـە زیادەگوتـن کـە جـوانی بـە دەقەکـە دەبەخشـێت. لـە شـیعرێکی دیکـەدا دەڵـێ:

((ڕەش ڕەش

سپی سپی

................

................

سپێنەت سپی سپی

ڕەشێنەت

ڕەش ڕەش (جەلیزادە، ٢٠١٥: ٢٥)

دیـارە کـە سـپێنەی چـاو هـەر سـپیە وەکـوو لـە ناوەکەشـیدا دیـارە و پێـی دەگوتـرێ (سـپێنە)، بـەڵام بـۆ مۆسـیقای شـیعری و جەختکردنـەوە، شـاعیر هاتـووە ئاوەڵنـاوی (سـپی) دووجـار دووبـارە کردۆتـەوە، کـە خـودی ئاوەڵناوەکـە بـە مەبەسـتی جەختکردنــەوە دووبــارە کردۆتــەوە کاتێــک دەڵــێ: (ســپی ســپی، هــەر وەکــوو چــۆن بــۆ (ڕەشــکێنەکەش) دەڵــێ: (ڕەش ڕەش)، ئەمــەش جۆرێکــە لــە زیادەگوتــن وەک جۆرێــک لــە لادان کـە دەکرێـت وەک تایبەتمەندییەکـی زمـانی شـیعری ئـەو شـاعیرە دەستنیشـان بکرێـت.

وەکـوو پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا ئـەو جـۆرە لـە لادانـی واتایـی ڕێگـە پێـدراوە، چونکـە مەبەسـتێک هەیـە لـە پشـت ئـەو کارە کـە زۆرجـار بریتییـە لـە جەختکردنـەوە، یـان زیاتـر ڕوونکردنــەوە یــان زیاتــر جوانــکاری بــۆ دەقەکــە یــان بــۆ یارمەتیدانــی مۆســیقای شــیعریی.

٢- دانەپاڵ (الإسناد) :

دانەپـاڵ بریتییـە لـە پێـدانی سیفەتێک بـە شـتێک کـە لـە بنچینـەدا ئـەو شـتە هەڵگـری ئـەو سـیفەتە نەبێـت، ئـەوەش یەکێکـە لـەو دیاردانـەی کـە شـاعیر یاسـا گشـتییەکانی پـێ تێکدەشـکێنێت، چونکـە ئـەو دانەپـاڵ بەجۆرێکـە کـە واتـا و وشـەکان بەیەکـەوە نەگونجـاون، ((گوتـاری شـیعری گوتارێکـی ناڕێزمانییـە، بـە بـەراورد لەگـەڵ پەخشـاندا، کـە لـە ئاسـتێکی ڕێزمانــی تایبەتــی دایــە و گونجاندنــی دەلالییــە)) (کۆهیــن، ٢٠٠٨: ١٠٦). ئـەو جـۆرە لـە لادان زۆرجـار لـە ڕێگـەی دانەپاڵـی وشـەیەک دروسـت دەبێـت، هـەر وەکـوو چـۆن لـە ئەنجامـی دەسـتکاری کردنـی یاسـا و ڕێسـا ڕێزمانییەکانیـش دروسـت دەبێـت، ((ئـەو پرۆسـەیە لـە لای کوهیـن لـە دوو میکانیزمـدا دەبینرێـت، کـە بریتیـن لـە خسـتنەڕووی لادان و ڕەتکردنـەوەی لادان، کـە ئەمـەش دوو حاڵەتـی هەیـە، جارێکیـان نێگەتیڤـە و جارێکیـش پۆزەتیـڤ، واتـە کـە لادان دەخرێتـە ڕوو ئـەوا ڕۆڵـی نێگەتیـڤ دەبینێـت، چونکـە یاسـاکان زمـان تێکـدەدات و

ناردنـی پەیامەکـە لـە سـەر ئاسـتی بنیـات دەشـێوێنێت، بـەڵام ئـەو کاتـەی لادانەکـە ڕەت دەکرێتـەوە ئـەوا ڕۆڵـی پۆزەتیـڤ دەبینێـت، چونکـە خوێنـەر پەنـا دەباتـە بـەر ڕاڤەکـردن و دەق بـەرەو مـەودای شـیعر دەبـات)) (قـادر، ٢٠١٤: ١٣٣).

هەرچەنـدە ئـەو لادانــە لادانــی واتاییــە و تێکشــکاندنی یاسـا ڕێزمانییەکانـە، بـەڵام هـەر لـە خـۆوە و بـێ هـۆ و بـێ ڕێـکار ئەنجـام نادرێـت. ((ئـەم جـۆرە لادانـەش لـە شـیعری کوردیـدا دوو شـێوەی هەیـە، یەکەمیـان دانەپاڵـی وشـەیەک (نـاو، ئاوەڵنـاو) بـۆ وشـەیەکی تـر (نـاو)، ئامـرازی دانەپاڵیـش دەخرێتـە نێـوان هـەردوو وشـەکەوە، کـە لـە ڕووی واتـاوە هەردووکیــان یەکــتری ڕەت دەکەنــەوە، واتــە دیارخــەر و دیارخــراو یەکــتری ڕەت دەکەنــەوە، دووەمیــان دانەپاڵــی کارێکـە بـۆ بکەرێـک کـە لـە ڕووی لۆژیکـەوە بـۆ یەکـتری ناگونجێــن)) (قــادر، ٢٠١٤: ١٣٣).

دانەپــاڵ بــە چەنــد ڕێگایــەک ئەنجــام دەدرێــت و دەردەکەوێـت، ئـەوەش بـە گوێـرەی سروشـتی ئـەو دوو شـتەی کـە دەدرێنـە پـاڵ یەکـتر.

أ- بە زیندەوەرکردن:

ئـەم جـۆرە لادانـە بـە شـێوەیەک دروسـت دەبێـت، کاتێـک کـە شـاعیر سـیفەتی زیندوێتـی دەداتـە پـاڵ ئـەو شـتانەی کـەوا لـە بنەڕەتـدا زینـدەوەر نـین، ((شـاعیر ئـەم لادانـە زیاتـر بـۆ چەسـپاندنی وێنەکـە لـە زەینـی خوێنـەر و دروسـتکردنی جورێـک لـە پێوەنـدی و لێکچوانـدن لـە نێـوان ئـەم دوو شـتە ئــەم کارە ئەنجــام دەدات)) (ئەحمــەد، ٢٠١٣: ١٥٧). شــاعیر لــەو ڕێگــەوە دێــت جــۆرە وێنەیــەک وێنــا دەکات کــەوا ((جەسـتە و خوێــن دەدات بــە هەمــوو ئــەو شــتە مــادی و مەعنەویانـە، وەکـوو گیانلەبـەر مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکات...)) (صلیـوە، ٢٠٠٨: ٦٢). هەروەکـوو قوبـاد لـە شـیعرێکدا دەڵـێ:

ئەمشەو بێ تۆ
شیعر... دەگری
ئاگر... دەگری
نەورۆز... دەگری (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٩٦)

لــەو چەنــد دێــڕەدا ســیفەتی گریــان کــە ســیفەتێکی مرۆڤـە، داویەتیـە پـاڵ چەنـد شـتێک کـە هەرگیـز هەڵگـری ئـەو سـیفەتە نیـن، ئەوانیـش بریتیـن لـە شـیعر و ئاگـر و نــەورۆز، بەمــەش جۆرێــک لــە دانەپــاڵ و جۆرێــک لادان دروسـت بـووە، کـە جوانییەکـی زیاتـری بـە دەقـە شـیعرییەکە بەخشــیووە.

ب- بە مرۆڤ کردن (بە کەس کردن):

شـاعیر لـە پێنـاو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی شـیعردا، هەنـدێ سـیفەتی مــرۆڤ دەدات بــە شــتێک، ((بــە کــەس کــردن بریتییـە لـە پێدانـی خاسـیەت و سـیفات و هەسـت و سـۆز و جموجۆڵـی مـرۆڤ بـە پێکهاتەکانـی سروشـت))(صلیوە، ٢٠٠٨: ٦٦). یــان بــە دەربڕینێکــی تــر دەتوانــین بڵێــین بــە کــەس کــردن ((جۆرێکـە لـە جۆرەکانـی مەزندەکـردن کـە بریتییـە لـە زیادکردنـی ژیـان بـۆ سـەر مـادە بـێ گیانـەکان و دیـاردە سروشــتییەکان و هەڵچونــە ویژدانییــەکان)) (گــەردی، ٢٠٠٤: ١٣٩-١٤٠). بـۆ نموونـە قوبـاد دەڵـێ:

خۆر سەری ڕەزای بۆ لەقاند
بۆ ماوەیەک قاچی چەقاند
(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٥٨ - ١٥٩)

ســەر لەقانــدن و قــاچ چەقانــدن هەردووکیــان ســیفەتی کــەسی مرۆڤــن و پێوەندیــان بــە خــۆرەوە نییــە، شــاعیر ئــەم دوو ســیفەتەی داوەتــە پــاڵ خــۆر، بــۆ ئــەوەی لــە ڕێگــەی ئــەم جــۆرە لادانــەوە زمانێکــی شــیعری جوانــتر بــە دەقــە شــیعرییەکەی ببەخشــێت.

ج - بە ئاژەڵ کردن:

ئــەوەش بــەم جۆرەیــە شــاعیر ســیفەتی ئــاژەڵ دەدات بــەو شــتەی کــە باســی دەکات، ((دانەپاڵــی ســیفەتێکی ئاژەڵانــە بــە هەمــوو پۆلەکانــی باڵنــدە و شــیردەر... تــاد، کــە هەڵگــری ســیفەتی (ئــاژەڵ) بێــت)) (ئەحمــەد، ٢٠١٣: ١٦١)، واتــا بــاس لــە شــتێک دەکات کــە ئــاژەڵ نییــە و ســیفەتی ئاژەڵــی پێدەدرێــت، بــۆ نموونــە قوبــاد لــە شــیعرێکدا دەڵــێ:

هەڵم سواری پشتی با بووە
(جەلیزادە، ٢٠٢٠ : ١٥٥)

قوبـاد (بـا)ی چوانـدووە بـە ئەسـپ، چونکـە (بـا) پشـتی نییـە، تـا کەسـێک سـواری ببێـت، بـەڵام بـە بەکارهێنـانی ئەمجـۆرەی دانەپـاڵ، کـە بریتییـە لـە بـە ئـاژەڵ کـردن، شـاعیر جوانییەکـی تـری بـە دەقەکـەی بەخشـیوە.

د- بە ڕووەککردن :

ئەوەشیان بریتییە لە دانەپاڵی سیفەتێکی ڕووەک بەو شتەی کە شاعیر باسی دەکات، ((دانەپاڵی سیفەتێکی دار و درەخت و گژوگیا و جۆرەکانی ڕووەکە بۆ شتێک هەڵگری سیفەتی ڕووەک بێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٦٢). وەکوو قوبادی جەلیزادە دەڵێ:

لەگەڵ خۆتدا،
شەتڵی برینم بۆ بێنە.
هەنووکە ماڵەکەم،
پڕ پڕە،
لە ئینجانەی گریان (جەلیزادە، ٢٠١٥: ٥٨)

دیارە کە شەتڵ بە ڕووەکی تازە پێگەیشتوو دەوترێت و سیفەتێکی ڕووەکە.

هـ- بە تەنکردن :

پێوەندی دروستکردنە لە نێوان شتە مەعنەوی و شتە هەستپێکراوەکان، ((ئاشکرایە کە گشت شتە هەستییەکان، گیانلەبەر بێ یان بێگیان زیندوو بێ یان مردوو، عاقڵ بێ یاخود بێ عاقڵ تەنێکیان هەیە، بە تەنکردنیش (تجسیم) هەوڵدەدات شتە ژیرییەکان بکات بە هەستی، واتە بە سەردا کێشانی کراسی هەستییە بەسەر ژیرییەکاندا...)) (گەردی، ٢٠٠٤: ١٣٧). بۆ نموونە:

گیانم گڕی قوتیلەیەکە
بەدەم سروەی هەناسەتان
تاوێ بەرز دەبێتەوە و
دەمێکیش کز کز دەسوتێ
(جەلیزادە، ٢٠٠٧ : ٢٢٧)

گڕ شتێکە کە دەبینرێت و گیان مەعنەوییە و نابینرێت، سیفەتی گڕگرتنی داوەتەپاڵ گیان.

و- ڕەنگ پێدان:

زۆربەی شاعیران کەڵک لە ڕەنگەکان وەردەگرن، وەکوو ڕەگەزێکی سەرەکی سوودی لێ وەردەگرن ((هەموو ڕەنگەکان سەر بە کێڵگەی واتایی (ڕەنگ)ن)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٦٨). قوبادی جەلیزادەش وەکوو هەر شاعیرێکی دیکە سوودی لەو ڕەگەزە وەرگرتووە و بەکاریهێناوە، لە شیعرێکدا کە بۆ مامۆستا عزالدین فەیزی نووسیویەتی، دەڵێ:

گەل باوەشی
بۆ کاروانی کۆچی سپیت کردۆتەوە (جەلیزادە، ٢٠٠٧ : ٢٢١)

دیارە کە کۆچ ڕەنگی نییە، بەڵام شاعیر ڕەنگی سپی پێداوە، ئەمە دانەپاڵی بە ڕەنگ کردنە.

## بەشی دووەم

## لادان لە ئاستی وشەدا

پاش و پێشخستن:

ئەو جۆرە لادانە دەرەنجامی جێگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕی شوێنی وشەکانە لە ڕستەدا، واتە جێگۆڕکێی بنچینەیی وشەکانی وەکو: بکەر و بەرکار و کار و ئامرازەکان، چونکە ئەوەی کە زانراوە و ڕوونە شوێنی کەرەستەکانی ڕستە لە هەر زمانێکدا بە پێی یاسا و ڕێزمانی ئەو زمانە ڕێکدەخرێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بکەر دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و کار لە کۆتایی دایە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کار دەکەوێتە سەرەتا و بەرکار لە کۆتایی دایە. کەواتە هەر ئاڵوگۆڕێک لە شوێن و ڕیزی کەرەستەکانی ڕستە ڕووبدات و لە یاسای ڕێزمانی دەربچێت، ئەوا پێی دەگوترێت پاش و پێشخستن و جۆرێکە لە لادان.

ئەوەی جێی باسە ئەوەیە کە نابێ ئەو لادانە بێ هۆکارێکی گونجاو ڕووبدات، چونکە خودی ئەو پاش و پێشخستنە بە لای زۆرێک لە شارەزایان گرنگی خۆی هەیە و بە شتێکی بەهێزی دادەنێن، ئەو دیاردەیە کە پاش و پێشخستنە هەر لە کۆنەوە لە ناو شاعیراندا هەبووە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو دیاردەیە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزکردن و چێژپێدان و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، بۆیە ((جگە لەوەی کە شاعیر دەتوانێ ڕێکخستنی کەرەستە سەرەکییەکان تێک بدات، بۆشی هەیە هەنگاوی لەوە گەورەتر بنێت، وەک گۆڕینی شوێنی دەرخەر و دیارخەر)) (فەتاح، ٢٠٠٧: ١٢).

وەکوو باسمان کرد لە هەموو زمانێکدا یاسا و ڕێسای سەربەخۆ هەیە بۆ ڕیزکردن و دانانی وشە و کەرەستەکان

لـە نـاو ڕسـتەدا، ((بـەڵام لـە زمانـی ئەدەبـدا بـە شـێوەیەکی گشـتی و لـە زمانـی شـیعریدا بـە شـێوەیەکی تایبەتـی، ئەدیـب و شـاعیر بـە شـێوەیەکی گشـتی لـەو یاسـایانە دەردەچـن و لەبـەر چەنـد هۆیەکـی لـە یـەک جیـا لـەو یاسـایانە لا دەدات، گرنگتریـن ئـەو هۆیانـە بریتییـە لـە کێشـی شـیعر، سـەروای شـیعر، دروسـتکردنی دەربڕیـن یـان دەقـی جـوان، حـەزی خـۆ جیاکردنـەوەی شـاعیر، لەگـەڵ چەنـدان هـۆکاری دیکـە)) (عەبدوڵـڵا، ٢٠١١: ٨٦).

زۆربـەی ئـەو پـاش و پێشخسـتنەی بوونیـان هەیـە لـە نـاو شـیعردا ئەوانـەی خـوارەوەن:

١- پاش و پێشخستن لە نێوان بکەر و کار:

لـە یاسـای ڕێزمانـی کوردیـدا هەمیشـە بکـەر دەکەوێتـە پێـش کار، هـەرکات ڕیزکردنەکـە بـەو جـۆرە نەبـوو، ئـەوا دیـارە کـە لادان ڕوویـداوە و جێگۆڕکـێ بـە وشـەکان کـراوە، شـوێنی (کار) لـە ڕسـتەی زمانـی کوردیـدا، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی، دەکەوێتـە کۆتایـی ڕسـتەوە، کەواتـە مەگـەر بـۆ مەبەسـتێکی شـیاو و گونجـاو، دەنـا (کار) شـوێنی لـە ڕستەدا کۆتایـی ڕسـتەیە، ((بـە گشـتی بـەم جـۆرە فـۆڕم و قالبانـەی خـوارەوە دروسـت دەکـرێ... ١- بکـەر + کار، ٢- بکـەر + ئاوەڵـکار + کار، ٣- بکـەر + تەواوکـەر + کار، ٤- بکـەر + ئاوەڵـکار + کار + تەواوکـەر)) (شـابان، ٢٠٢٠: ٨٥).

پـاش و پێـش خسـتن دیاردەیەکـە زۆر لـە شـیعری شـاعیرانی کـۆن و نوێـدا بەرچـاو دەکەوێـت، نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکـوو لـە زۆربـەی شـیعرەکاندا ئـەو جـۆرە لادانـە هەیـە، قوبـادی جەلیـزادەش وەکـوو هـەر شـاعیرێکی دیکـە ئـەو جـۆرە لادانـەشی بەکارهێنـاوە، واتـا پـاش و پێشخسـتنی کـردووە، لـە نموونـەی پێشخسـتنی (کار) بەسـەر (بکـەر) ەوە لـە شـیعری (یاسـاغ)دا دەڵـێ:

کەی باخێک دەدۆزینەوە؟
جاسوس نەبن، چۆلەکەکان.
درەختەکانی ڕاپۆرت نووس نەبن.
پۆلیسمان بەسەر وەر نەکەن،
پەپولەکانی (جەلیزادە، ٢٠١٥: ٣١)

لێـرەدا (پەپوولـەکان) کـە بکـەرە و شـوێنی بنچینەیـی سـەرەتای ڕسـتەیە، کەچـی شـاعیر هێناویەتییـە کۆتایـی ڕسـتە، بـەوەش هێـز و جوانـی بەخشـیوەتە دەقـە شـیعرەکە، دەنـا دەبـوو بـە پێـی ڕێزمـان و یاسـاکانی بـەو جـۆرە دابڕشـتبا: (پەپوولەکانـی پۆلیسـمان بەسـەر وەرنەکـەن).

٢- پێشخستنی کار و پاشخستنی بەرکار:

ڕیزبەنـدی لـە نێـوان کار و بـەرکار بـەو جۆرەیـە کـە لـە ڕستەدا کار لـە دواوەیـە و بـەرکار پێـش کار دەکەوێـت، ئەگـەر هـەر جێگۆڕکێیـەک ڕوویـدا ئـەوا لادانـە لـە ڕێسـا ڕێزمانیەکـە، ئـەو جـۆرە لـە پێـش و پاشخسـتنەش لـە شـیعرەکانی قوبـادی جەلیـزادەدا هەیـە، لـە یەکێـک لـە شـیعرەکانی دا دەڵـێ:

لە بەردەمی خەڵکی شاردا
شاعیرێک و
شا شاعیرێکی (جوامێر)یان
کرد بە دارا (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٦).

لـەو دێـرەدا (کار) کـە بریتییـە لـە (کـرد) پێشـخراوە بەسـەر (بـەرکار)دا کـە بریتیـە لـە (دار)، چونکـە ڕسـتەکە لـە بنچینـەدا دەبـوو بـەو شـێوەیە بێـت: (شـا شـاعیرێکی جوامێریـان بـە دارا کـرد)، بـەڵام بـە بەکارهێنـانی هونـەری پـاش و پێشخسـتن، جوانییـەک بـە دێـرە شـیعرەکە بەخـشراوە. (ئەحمـەد، ٢٠١٣: ١٣٢ – ١٣٣).

لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

ئەو پارەی کە بۆ گوێدرێژەکان
دەماندا بە کورتان،
ئێستە دەیدەین
بە چاکەتێک لە کۆنە و
دەیکەینە بەر خۆمان (جەلیزادە، ٢٠٢١ : ٢٤٩)

لـەو پارچەیـەدا چەنـد لادانێکـی تێدایـە لـە جـۆری پـاش و پێشخسـتن، کـە کار پێـش بـەرکار کەوتـووە، لـە دێـڕی (دەمانـدا بـە کورتـان) بنچینەکـەی ئاوایـە: (بـە کورتانمـان دەدا). لـە ڕسـتەکەی دیکـەدا دەڵـێ: (ئێسـتە دەیدەیـن بـە چاکەتێـک)، ڕیزبەندییـە ڕێزمانیەکـەی لـە بنچینـەدا ئاوایـە: (ئێسـتە بـە چاکەتێکـی دەدەیـن)، لـە ڕسـتەیەکی دیکـەدا دەڵـێ: (دەیکەینـە بـەر خۆمـان)، دەبـوو ئـەو ڕستەیەش بـەو جـۆرە بێـت: (لەبـەر خۆمانـی دەکەیـن). دەبینیـن کـە شـاعیر لـە چەنـد دێڕێکـدا چەنـد لادانێکـی کـردووە و پـاش و پێشـی

بــە کەرەســتەکانی ڕســتەکە کــردووە.

٣- پاش و پێشکردنی (بکەر و بەرکار):

لــە بنچینــەدا بکــەر لــە پێــش بەرکارەوەیــە، بــەڵام هەنــدێ جــار شــاعیر بــە ئامانــج و مەبەســت پــاش و پێــش بــەو دوو کەرەســتەیە دەکات و بــەرکار پێــش دەخــات بــە ســەر بکــەردا.

بۆ نموونە قوباد دەڵێ:

لەسەر هێڵی ئاگردام

ئەو دەمەی من و ژیان لێک جودا دەکاتەوە

بستێک نیشتیمانە (جەلیزادە، ٢٠١٥: ٣٥٠)

(بســتێک نیشــتیمان) بکــەرە، دەبــوو لــە ســەرەتای ڕســتەدا بووایــە، (مــن و ژیــان) کــە بــەرکارە، دەبــوو لــە دوای بکــەر هاتبایــە، بــەڵام بکــەر نــەک لــە دوای بــەرکارەوە هاتــووە، بەڵکــوو لــە دوای کاریــش هاتــووە، ڕیزبەنــدی کەرەســتەکانی ئــەو ڕســتەیە دەبــوو ئــاوا بووایــە: (بســتێک نیشــتیمان مــن و ژیــان لێــک جــودا دەکاتــەوە)، بــەڵام وەک هونەرکارییــەک لــە زمــانی شــیعریدا شــاعیر هاتــووە پــاش و پێشخســتنی کــردووە.

ئەوانــەی ســەرەوە چەنــد نموونەیــەک بــوون لــە (لادان) بەهــۆی (پــاش و پێشخســتن)، کــە شــاعیران ئــەو دیاردەیــان تــا ڕادەیەکــی زۆر بەکارهێنــاوە، لــە ناویشــیاندا قوبــادی جەلیــزادە کــە زۆربــەی جۆرەکانــی پــاش و پێشخســتنی بەکارهێنــاوە.

## بەشی سێهەم

## کرتاندن

ڕســتە ڕەگەزێکــی گرنگــی پــڕ بایەخــی قســەکردنە، بــۆ ڕێکخســتنی ئــەو ڕســتەیەش هەمــوو زمانێــک یاســا و ڕێســای خــۆی هەیــە، بۆیــە ڕســتە بــە پێــی یاســا ڕێکدەخرێــت و ڕیزمانــی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە، هەمــوو زمانێکیــش لــە زمانەکــەی دیکــە جیــاوازە، زمانــی کــوردی بــە پێــی یاســای ڕێزمانــی خــۆی ڕســتە ڕیــک دەخــات، کــە شــێوازی ڕێکخســتنەکە بــەو جۆرەیــە (بکــەر + بــەرکار + کار)، ئــەو یاســایە لــە قســەکردنی ئاساییشــدا ڕەچــاو دەکرێــت، بــەڵام هەنــدێ جــار لــە ئاخاوتنــی ڕۆژانەشــدا ئــەو یاســایانە دەبەزێنرێــن و لێیــان لا دەدرێــت، ڕاســت وایــە کــە لــە ئاخاوتنــدا ڕەچــاو بکرێــت و وەکــوو خــۆی پەیــڕەوی یاســاکان بکرێــت، هەروەکــوو لــە نووسینیشــدا بــە هەمــان شــێوە پێویســتە ڕەچــاوی ســەرجەم یاســاکان بکرێــت، دەنــا بــە نەنگــی بــۆ خاوەنەکــەی دادەنرێــت، کەچــی لــە بەرامبــەردا کەســی شــاعیر دەتوانێــت و ڕێگــە پێــدراوە کــە پەیــڕە و لــەو یاســایانە نــەکات و یاســاکان تێکبشــکێنێت. ئەمــە نــەک هــەر ڕێگــەی پێــدراوە، بەڵکــوو زۆرجــار جوانــی و بەهێــزی شــیعر لــەو لادان و تێکشــکاندنە دایــە کــە شــاعیر لــە یاســاکاندا ئەنجامــی دەدات و پەیــڕەوی یاســا ڕێزمانییەکــە نــاکات، لــە ڕاســتیدا ئەگــەر شــاعیران کــۆت و بەنــد بکرێــن بــە یاســا ڕێزمانییــەکان، ئــەوا گومانــی تێــدا نییــە کــە ئــەو شــیعرەی دەینوســێت هیــچ هێــز و جوانییەکــی تێــدا بــەدی ناکرێــت، ((بــۆ ئــەوەی شــیعر لانیکــەم دڵڕفێــن بێــت، پێویســتە ڕێکــی پێکــی ڕیــزی وشــەی زمانــی ئاســایی هەڵتەکێنــێ)) (ســەعید، ٢٠١٣ : ٢١٥).

شــاعیر کــە ئــەو لادانــە دەکات و پەیــڕەوی یاســاکان نــاکات، لەبەرئــەوە نییــە کــە هــەر بــە ئــارەزوو و بــە بــێ هــۆ لــە یاســا لابــدات، بەڵکــوو زمانــی شــیعرییەکەی ئــەوەی لەســەر پێویســت دەکات کــە دەبــێ بــۆ بەهێزکــردن و چڕکردنــەوەی شــیعرەکەی و بەهێزکردنــی واتاکــەی ئــەو ڕێگایــە بگرێتەبــەر، ((ئــەم کارەش بــۆ مەبەســتی بەدیهێنانــی ئامانجەکــەی بەکاردەهێنێــت کــە زۆرجــار بــۆ مەبەســتی پاراســتنی کێــش و چڕکردنەوەیــە)) (نەجمەدیــن، ٢٠٠٨: ١٣٩). کەواتــە شــاعیر دەســت واڵا و دەســت کراوەیــە لــە یاریکــردن بــە وشــە و جێگۆڕکــێ کــردن پێیــان، چونکــە ڕستەســازیش مەودایەکــی فراوانــی هەیــە، ئازادییەکــی زیاتــر دەدات بــە شــاعیر بــۆ دانــان و لابــردن و ئاڵوگــۆڕی وشــە.

یەکێــک لــەو دیــاردە باوانــەی کــە شــاعیران لــە ئاســتی ڕستەســازیدا ئەنجامــی دەدەن بریتییــە لــە (کرتانــدن).

کرتانــدن نــاوی خــۆی بــە خۆیەوەیــە، واتــە کرتانــدن و قورتاندنــی بەشــێک لــە ڕســتە، جــا ئــەو بەشــە یــان ســەرەکییە وەکــو: بکــەر و بــەرکار و کار، یــان ناســەرەکییە وەکــو: ئامرازەکانــی پێوەنــدی، واتــا ((زۆر لــە پۆلــە ڕێزمانییــەکان بــەر کرتانــدن دەکــەون، وەکــو: بکــەر، بــەرکار، کار، ئاوەڵــکار)) (عەلــی، ١٩٩٢ : ٥٩).

دەتوانــین بڵێــین کرتانــدن ((ئامادەنەبوونــی ڕەگەزێکــە لــە نــاو ڕســتە، خــودی ڕســتەکە ئــەو ڕەگــەزەی پێویســتە و دەیەوێــت، بەشــە کرتێنراوەکــە بەشــێکی ســەرەکی ڕســتەکە

بێــت، لەوانەشــە بەشــێکی لاوەکــی بێــت)) (ئەحمــەد، ٢٠١٣: ١٢٠). لادان بــە کرتانــدن هونەرێکــی بەهێــزە بــە دەســت شــاعیرەوە، لــە کاتێکــدا خوێنــەر چاوەڕێــی وشــەیەکە، بــەڵام وشــەکە بوونــی نییــە و کەچــی لــە نەبوونــی وشــەکە شــیعرەکە جوانــتر و بەهێزتــر دێتــە بــەر گوێچکــە و زەینــی خوێنــەر. لەگــەڵ ئەوەشــدا هەنــدێ جــار ئــەو کرتاندنــە دەبێتــە هۆکارێــک بــۆ ئاڵــۆزی و ناڕوونــی لــە دەقــدا. بۆیــە پێویســتە کرتانــدن کاتێــک ڕووبــدات کــەوا زیــان بــە مانــا و مەبەســت نەگەیەنێــت. ((کرتانــدن لادانــی هەندێــک وشــەیە لــە ڕســتەدا - کــە بــە هــۆی ســەرەداو - قەرینــە - پێوەنــدی لەفــزی یــان لــە ڕووی مانــاوە دەمانگەیەنەتــە مانــای مەبەســت - لــە شــیعرەکەدا)) (جومعــة، ٢٠٠٢: ٨٤). لێــرەدا بەشــێک لــەو کرتاندنانــە ئامــاژە پــێ دەکەیــن و دەیخەینــەڕوو کــە لــە شــیعرەکانی قوبــادی جەلیــزادە بوونییــان هەیــە:

١- کرتاندنی فۆنێم :

قرتانــدن یــان کرتانــدن بــە مانــای زمانــی یەکێــک لــە کەرەســتەکانی ڕســتە، یــان زمانــی فۆنێمێــک یــان زیاتــر لــە وشــەیەکدا، کەواتــە قرتاندنــی فۆنێــم ((ئەوەیــە کــە فۆنێمێــک یاخــود چەنــد فۆنێمێــک لــە وشــەیەکدا کــەم دەکرێتــەوە، ئەمــەش لەبــەر ڕاگرتنــی کێشــی شــیعرەکە بێــت یاخــود بــۆ مەبەســتی کورتــی چــڕی و پاراســتنی مۆســیقای شــیعرەکە بێــت)) (نەجمەدیــن، ٢٠٠٨ : ١١٦).

ئەگــەر ســەیری کۆمەڵــە شــیعرەکانی قوبــاد بکەیــن، ئــەوا ئەمجــۆرە لــە کرتاندنــی فۆنێمــمان دێتــە بەرچــاو، بــەو جــۆرەی خــوارەوە:

أ- کرتاندنی دەنگ (فۆنێم) لە سەرەتای وشە:

هەروەکوو لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ:

هەتا (هاموون)م نەبینی
دووچاوی جوتێ ڕووبار بووم
تا (هوما) خانم نەبینی
سەرنجی پڕ لە پرسیار بوو
نەمدەزانی،
بەژنی بە لادا هێناوی،
کێش و ئازاری ژانەسەر (جەلیزادە، ١٩٩٨: ٨٠- ٨١).

لــە دێڕەکــەدا دەڵــێ: هەتــا (هامــوون)م نەبینــی، دواتــر لــە دێڕێکــی دیکــەدا دەڵــێ: تــا (هومــا) خانــم نەبینــی، لــە هــی یەکەمــدا وشــەی (هەتــا) بــە تــەواوی نــووسراوە، بــەڵام لــە دێڕەکــەی دیکــەدا دەنگــی (هــە)ی کرتانــدووە و تەنیــا (تــا) مــاوە، کــە لــە مانــادا و لێــرەدا هەریــەک مانایــان هەیــە، شــاعیر لــە ســەرەتای وشــەکە ئــەو دەنگــەی کرتانــدووە.

یان لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

چاو هەیە ڕەشە،
گەر یارەکەت چاوی ڕەش بوو،
ئیدی
زێدە ڕۆییە ڕامان،
بــە دیــار تاریکــە شــەو و ئەســتێرە بارانــەوە (جەلیــزادە، ٢٠١٩: ٣١٩)

لێــرەدا لــە وشــەی (ئەگــەر) دەنگــی (ئــە)ی کرتانــدووە و تەنیــا نووســیویەتی (گــەر). دیارە کــە لــە هــەردوو شــیعرەکەدا بــە بــێ مەبەســت ئــەو کرتاندنــە نەکــراوە و بــۆ ڕەچاوکردنــی کێشــی شــیعرەکە ڕوویــداوە، لــە هەمــان کاتــدا ئــاوازی وشەکانیشــی جــوان کــردووە.

ب- کرتاندن لە ناوەڕاستی وشەدا :

ئەمجــۆرە کرتاندنــەش لــە شــیعری قوبــاددا دەبینرێــت، بــۆ نموونــە دەڵــێ:

ئەی گەوهەری نێو حەشارگە و
کەڵەکە بەرد
ئەمشەو لە باوەشتا نرکەی
شاعیرێکی بریندارم (جەلیزادە، ١٩٩٨ : ٧٠)

لــە دێڕێکــی ئــەو شــیعرەدا دەڵــێ: ئەمشــەو لــە باوەشــتا...، وشــەی (لــە باوەشــتا) لــە بنچینــەدا بــەو جــۆرە دەنــووسرێ (لــە باوەشــتدا)، واتــە شــاعیر دەنگــی (د) ی لــە وشــەکە کرتانــدووە. یــان دەڵــێ:

تۆ لە بناری باواجیا
چەپکێ گوڵی نێرگز بوویت و (جەلیزادە، ١٩٩٨ : ٧٧)

لــە بنچینــەدا وشــەی (باواجیــا) دەبــوو ئــاوا بنووسرێــت: (باواجیــدا)، بــەڵام شــاعیر دەنگــی (د)ی لــە وشــەکە کرتانــدووە.

ج- کرتاندنی دەنگ لە کۆتایی وشەدا :

کرتاندنــی دەنــگ لــە شــیعرەکانی قوبــاددا هەرســێک لای وشــەی گرتۆتــەوە، هــەم لــە ســەرەتا و هــەم لــە ناوەڕاســتدا-

وەکــوو نموونەمــان بۆیــان هێنــاوە- هەمیشــە لــە کۆتایــی وشــەدا وەکــوو ئــەو نموونــە و چەنــدان نموونــەی دیکــەی نــاو کۆمەڵــە شــیعرەکانی:

پایز سەفەری کرد،

لە دارستانەکەدا دوو جانتای بەجێ هێشت

یەکیان تژی لە باران

ئەوی دی، سیخناخ لە گەڵا (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٣٣٤)_

شــاعیر لــەو دێــڕەدا دەڵــێ: (ئــەوەی دی...) لــە کۆتایــی وشــەی (دی) کرتاندنــی کــردووە، چونکــە خــۆی دەنووسرێــت (دیکــە)، بــەڵام دەنگــی (کــە)ی لــە کۆتایــی وشــەکە کرتانــدووە و ماناکەشــی نەگــۆڕاوە.

هەر پەپوولەیە ئاوێنەیەکی بەدەستەوە بوو،

لێویان سوور دەکرد و

چاویان دەڕشت. (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٢٨٥)

لــە وشــەی پەپوولــە دەنگــی (ک)ی کرتانــدووە، ئەگەرنــا ڕێنووســەکە لــە بنچینــەدا بــەو جۆرەیــە (هــەر پەپوولەیــەک...).

جگــە لــە کرتاندنــی دەنگــی نــاو وشــە، جــار هەیــە کرتاندنــی وشــە بــە تــەواوی لــە ڕســتەدا ڕوودەدات، ئەویــش بــە هەمــان مەبەســتی ڕەچاوکردنــی کێــش یــان چڕوپڕکردنــی واتــاکان.

نموونــەی لــەو جــۆرە لــە شــیعرەکانی قوبــادی جەلیــزادەدا زۆرە، لێــرەدا هەندێــک لــەو نموونانــە دێنیــن کــە کرتاندنــی وشــەیان تێدایــە و وشــەکە بــە تــەواوی لادراوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا مانــای وشــەکە لــە نــاو دەقەکــەدا ئامادەیــی هەیــە و کرتاندنەکــە زیانــی بــە مانــا و مەبەســتی دەقەکــە نــەداوە.

قوبادی جەلیزادە لە شیعرێکدا دەڵێ:

لە بن دیواری ماڵەکانا خەوتم

شەو شین بوو

خەو شین (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٢٠٣)

لێــرەدا لــە کۆتایــی ڕســتەی (خــەون شــین) وشــەی (بــوو) ی کرتانــدووە، بــەڵام چونکــە لــە دێــڕی پێــش خۆیــدا هاتــووە و کرتاندنەکــەش هیــچ زیانێکــی بــە ماناکــەی نەگەیانــدووە، بەڵکــوو دەقــی شــیعرەکەی چڕوپــڕ ماناتــر کــردووە. لــە نموونەیەکــی تــردا دەڵــێ:

کە ژنەکە بە تەلەفۆن، کەمێک گۆرانی بۆ وتم،

لەسەر شانی چەپم، پۆلێک کۆتر هەڵنیشتن و

لەوەی دیکەم، پۆلێک پاساری

(جەلیزادە، ٢٠١٥ : ٧٥)

لــە دێــڕی کۆتاییــدا وشــەی (هەڵنیشــتن)ی کرتانــدووە، بــەڵام هەمــان مانــای دوای کرتاندنەکــەی هەیــە، چونکــە لــە پێشــتر هاتــووە و بــە ئامــرازی (و) هــەردوو ڕســتەکی لێکــداوە بــە یــەک مانــا.

شەش سەر خێزانین،

بە هەمووومان یەک قوڕگمان هەیە،

یەک هاواری پێدەکەین،

یەک قیژە،

یەک نااااا (جەلیزادە، ٢٠٢١ : ٢٠٥)

لــە هــەردوو دێــڕی کۆتایــی کرتاندنــی کــردووە، کــە بریتییــە لــە فرمانــی (پێدەکەیــن)، لــە بنەڕەتــدا دەبــوو بگوتــرێ (یــەک قیــژەی پێدەکەیــن، یــەک نــای پێدەکەیــن، بــەڵام بــە ســوودوەرگرتن لــە هونــەری کرتانــدن جوانییەکــی تــری بــە کۆپلــە شــیعرەکە بەخشــیووە. هەروەهــا لــە نموونەیەکــی تــردا، دەڵــێ:

باران-

باڵی پەپوولەیەک تەڕ دەکات،

جۆگەیەک ڕەنگ (جەلیزادە، ٢٠١٨ : ١٦٣)

لــە کۆتایــی دێــڕی کۆتاییــدا وشــەی (دەکات)ی کرتانــدووە، دەبــوو بگوترێــت (جۆگەیــەک ڕەنــگ دەکات).

ئەگــەر بمانەوێــت تــەواوی نموونــەکان بنووســین، هــەم کات و هــەم ڕووپــەڕی لاپــەڕەی زۆری دەوێــت، وەکــوو دەڵێــن: لوێچێــک نموونــەی تەخارێکــە، بۆیــە بەوەنــدە نموونانــەی ســەرەوە کۆتایــی بــەو باســە دێنیــن.

ئەنجام

لـەم توێژینەوەیـەدا بـە چەنـد ئەنجامێـک گەیشـتین، کـە بریتـین لـە:

زمانــی شــیعری لــە زمانــی ئاســایی جیــاوازە، زمانــی شــیعری وەکــوو زمانــی ئاســایی نییــە پابەنــد بێــت بــە تــەواوی یاســا زمانەوانییــەکان، شــاعیران بــە پشــت بەســتن بـە هونـەرەکانی لادان لـە زمانـدا، زمـانی شـیعرەکانییان جوانـتر پیشــان دەدەن.

هەریـەک لـە شـاعیران تایبەتمەنـدی خۆیـان بـۆ نوسـینی شـیعر و بەکارهێنانـی یاسـا و ڕێسـای زمـان هەیـە، قوبـادی جەلیـزادەش یەکێکـە لـەو شـاعیرانەی کـە یاخییـە و پابەنـدی بـاو نییـە، کاتێـک شـیعرەکانی دەخوێنییـەوە هەسـت دەکـەی قوبــاد چێــژی لــەو لادانــە لــە بــاو بینیــووە و بــە خاڵــی ســەرکەوتنی خــۆی دەزانێــت.

قوبــادی جەلیــزادە هەمــوو جۆرەکانــی لادانــی لــە شــیعرەکانیدا بەکارهێنــاوە، لادانێــک کــە بریتییــە لــە تێکشـکاندنی یاسـا ڕێزمانییـەکان و داڕشـتنەوەیەکی سـەربەخۆ و تایبـەت بـە شـاعیر لـە هۆنینەوەیەکـی نوێـدا، کـە دەبێتـە هــۆی هێــز و چێــژ پێــدان بــە دەقــە هونەرییەکــە.

لــە گرنگترینــی ڕەگەزەکانــی شــیعر واتایــە، چونکــە بــە هــۆی ئــەو واتایــەوە شــیعر بــاڵا دەکات و چێــژ بەخــش و بەهێـز دەبێـت و سـەرنجی خوێنـەر و بیسـەر بـە لای خۆیـدا ڕادەکێشـێ، قوبـاد بـە پەنابردنـە بـەر لادان، واتـای تایبـەت بـە دێــرە شــیعرەکانی دەبەخشــێت.


سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز.

سەرچاوە کوردییەکان:

أ- کتێب:

ئەحمـەد، صافیـە موحەمـەد: (٢٠١٣)، لادان لـە شـیعری هاوچەرخـی کوردیـدا، چاپخانـەی حاجـی هاشـم- هەولێـر.

ئەحمـەد، صافیـە موحەمـەد: (٢٠١٤)، شـێوازی شـیعرە کوردییەکانـی پیربـاڵ مەحمـود، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات - هەولێـر.

چالـی، شـەعبان: (٢٠٠٨)، شـێوازی شـیعری جزیـری، چ١، چاپخانـەی بەدرخانیـان -دهـۆک.

دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر: (٢٠٠٩)، واتاسـازی، چ١، دەزگای توێژینـەوەو بڵاوکردنـەوەی موکریانی-هەولێـر.

سـەعید، نـاز ئەحمـەد: (٢٠١٣)، لادان لـە شـیعری لەتیـف هەڵمەتـدا، چاپخانـەی بینایـی - سلێمانی.

سـیوەیلی، ڕێبـوار: (٢٠٢٢)، کتێبـی قوبـاد، چ١، چاپخانـەی کارۆ- سـلێمانی.

شابان، کوردۆ: (٢٠٢٠)، ڕاستنووسی، چ٢، هەولێر.

علـی، پەخشـان: (٢٠٠٩)، شـێوازی شـیعری گـۆران، چاپخانـەی ڕەنـج – سـلێمانی.

عەبدوڵـڵا، ئیدریـس: (٢٠١٠)، شـێواز و شـێوازگەری، چ١، ڕۆژهـەڵات - هەولێـر.

عەلی، تالیب حوسێن: (٢٠١١)، واتا سازی، چ١، ڕۆژهەڵات-هەولێر.

فەتـاح، موحەمـەد مەعـروف: (٢٠٠٧)، زمانـی شـیعری و ڕوانگەیەکـی زمانەوانـی پراگماتیکـی، بـۆ کۆنفرانسـی زمـان بەشـی کـوردی.

کاک ئەمیـن، حوسـێن غـازی: (٢٠١٠)، ڕەوتـی نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان، چ١، چاپخانـەی حاجـی هاشـم-هەولێر، ٢٠١٠ز.

کۆهیـن، جـان: (٢٠٠٨)، بنیاتـی زمانـی شـیعری، و: ئـازاد عەبدولواحیـد و عەلـی بەرزنجـی، چ١، چاپخانـەی ئاراپخا-کەرکوک.

گـەردی، سـەردار ئەحمـەد حەسـەن: (٢٠٠٤)، بنیاتـی وێنـەی هونـەری لـە شـیعری کوردیـدا، چـاپ و پەخشـی سەردەم-سلێمانی.

نەجمەدیـن، عەبدولسـەلام: (٢٠٠٨)، شـیکردنەوەی دەقـی شـیعری لـە ڕووی زمانەوانییـەوە، چ١، چاپخانـەی حاجـی هاشـم- هەولێـر.

ب- گۆڤارەکان:

ئیدریـس عەبدوڵـڵا مسـتەفا، (٢٠١٢)، بنەمـا بەرهەمهێنەرەکانـی شـێواز، گۆڤـاری زانکـۆی کۆیـە، ژ ٢٣.

ج- دیوان:
جەلیزادە، قوباد، (١٩٩٨)، قوبادە جەلیزادە، چ١، چاپخانەی داناز، ؟
جەلیزادە، قوباد، (٢٠٠٧)، شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، چ٢، بڵاوکراوەی ئاراز - هەولێر.
جەلیزادە، قوباد، (٢٠١٥)، چاکەتێک لە کۆنە دەکرم، چ١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان – سلێمانی.
جەلیزادە، قوباد، (٢٠١٨)، کۆڵانە شینەکانی منداڵی، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد – سلێمانی.
جەلیزادە، قوباد، (٢٠١٨)، بەردێک دەگرمە کیسەڵێک، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد – سلێمانی.
جەلیزادە، قوباد، (٢٠١٩)، ژنێک لە جنسی باران، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد – سلێمانی.
جەلیزادە، قوباد، (٢٠٢٠)، تیپی موزیکی خەرتەلە، چ١، چاپخانەی بینایی – سلێمانی.
جەلیزادە، قوباد، (٢٠٢١)، ئەو خودایەی دایکم خۆشیدەویست، چ١، چاپخانەی تاران - ئێران.
د- سەرچاوەی عەرەبی:
تودوروف، تزيفتيان: (١٩٩٦)، الأدب والدلالە، ترجمە: محمد نديم، مركز الأنماء الحضاري-سوريا.
الجرجاني، عبدالقاهر: (١٩٧٨)، دلائل الإعجاز -علم المعاني-، بيروت-لبنان، ١٩٧٨م.
جومعة، حسين: (٢٠٠٢)، جمالية الكلمة، دمشق-سوريا.
الزمخشري، أبو القاسم محمود بن عمرو بن أحمد، جار الله (المتوفى: ٥٣٨هـ)، (١٤٠٧هـ)، الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل: الناشر: دار الكتاب العربي – بيروت، ط٣.
الطبري، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر، (٢٠٠٠)، جامع البيان في تأويل القرآن (المتوفى: ٣١٠هـ)، المحقق: أحمد محمد شاكر، الناشر: مؤسسة الرسالة، ط١.
العوادي، عدنان حسين: (١٩٨٥)، لغە الشعر الحديث في العراق، وزارة الثقافة والاعلام-بغداد.
هـ- سەرچاوەی فارسی:
شميسا، د. سرويس: (١٣٧٥هـ)، كليات سبک شناسی، چ٤، فردوس-تهران.
و- نامەی ماستەر و دکتۆرا:
تۆفیق، ئاڤان میرزا: (٢٠٠٨)، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، نامەی دکتۆرا-زانکۆی سلێمانی.
صلێوە، هاوژین: (٢٠٠٨)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، نامەی ماستەر-زانکۆی کۆیە.
عەلی، بەکر عومەر: (١٩٩٢)، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر-زانکۆی سەلاحەدین.
عەلی، خانزاد: (٢٠٠٤)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، نامەی دکتۆرا-زانکۆی سەلاحەدین.
قادر، شێرزاد: (٢٠١٤)، لادان لە شیعری (ڕەفیق سابیردا)، نامەی ماستەر-زانکۆی سلێمانی.
کانەبی، دلێر صادق: (٢٠٠٨)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، نامەی ماستەر-زانکۆی سەلاحەدین.
مەلا، مەهدی موحەمەد :(٢٠٢١)، شعرییەت لە (کارێزە مەرجان) ی موحسین ئاوارەدا،نامەی ماستەر- زانکۆی سەلاحەددین.

## ملخص

(جوانب عديدة للانحراف كخصائص قصائد قبادي جليزادة)

يتبع هذه الدراسة المنهج الوصفي. تحاول الدراسة مناقشة العديد من نصوص شعرية لقباد جليزادة. ومن هذا الإطار، تحاول هذه دراسة أن توضح الانحرافات وأنواع الانحرافات في بعض النصوص المأخوذة من أشعار قباد جليزادة. حاولنا في هذه الدراسة عرض العلاقة بين الطلاقة والانحراف في النصوص الشعرية. كما تم عرض ظاهرة الانحراف في قصائد قبادي جليزادة لإظهار الهدف من استخدامها. يتكون البحث من ثلاثة أجزاء. الجزء الأول يدور حول الانحراف الدلالي. يعرّف هذا الجزء الانحراف ويعرض شروطه وأنواعه، أما الجزء الثاني فيتناول الانحراف إلى الخلف والأمام وشروطه وأنواعه. تمت مناقشة عمليات الاستبعاد وأنواعه في الجزء الثالث، وبعض الأمثلة على الاستبعاد مأخوذة من قصائد قباد جليزادة لدعم هذا المفهوم. تم اعتماد أجزاء من قصائد قباد جليزادة في جميع أجزاء هذه الدراسة. أخيرا، يتم عرض الاستنتاجات التي تم الحصول عليها أثناء إجراء بحثنا في عدة نقاط، ثم تم تسجيل قائمة المصادر المستخدمة في هذه الدراسة في النهاية.

الكلمات المفتاحية: الانحراف، الانحراف الدلالي، الخلف والأمام، الإهمال.


## Abstract

(Several aspects of deviation as characteristics of the poems of Qubad Jalizada)

This study adopts a descriptive method. The study tries to discuss several texts of Qubad Jalizada. From this framework, this paper attempts to point out the deviations and types of deviations in some of the texts that are adopted from the poems of Qubad Jalizada. In this study, we have tried to present the relationship between fluency and deviation in poetic texts. Besides, the phenomenon of deviation in Qubad Jalizada's poems is also addressed to show the aims of using them. The research consists of three parts. The first part is about semantic deviation. This part defines deviation and presents its conditions and types. However, the second part deals with backward and forward moving, as well as its conditions and types. The processes of leaving out and its types are discussed in the third part, and some examples of leaving out are taken from the poems of Qubad Jalizada to support this notion. Parts of poems by Qubad Jalizada are adopted in all parts of this paper. Finally, the results obtained during our research are presented in several points, and then the list of sources used in this study is recorded at the end.

Keywords: deviation, semantic deviation,